شیعری وەرگەڕاو

فازڵ ئەلعەزاوی

# پێک

و: عیسا چیایی

ئەگەرچی من سەرخۆش. و دڵتەنگم. و قسەم پێ ناکرێ
لێ گەڕێن با بۆ دواین جار، پێکەکەم هەڵدەم
لە چاوی، ئەو کوێرەی لە تاریکیدا دەبینێ..
لە چاوی، ئەو لاڵەی کە لەسەر کێوەکە خوا دەدوێنێ..
لە چاوی، ئەو شاعیرەی ئاگر لە خواکان دەدزێ..
لە چاوی، خوا کە لە جارێکی تردا جیهانێکی باشتر دروست دەکات..
لە چاوی، شەیتان کە گرەوەکە دەدۆڕێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ دۆزەخ..
لە چاوی، دایک کە بەهەشتی لە ژێر پێ دایە..
لە چاوی، ئەو خۆشەویستەی کە چاوەڕوانە لەسەر کەنار..
لە چاوی، ئەو هاوڕێیەی کە خۆیمان لێ نادزێتەوە گەر کەڵەشێریش
سێ جار قوقانی
لە چاوی، ئەو "خناس"ەی کە «لایوسوس فی صدور الناس»
لە چاوی، ئەو سێدارەیەی کە دەنوشتێتەوە بۆ کابرای لەسێدارەدراو..

له چاوی، ئەو جەلادەی خۆی بەقامچی دارکاری دەکات..
له چاوی، ئەو قوربانیەی کە لە ئازارەکانییەوە راست دەبێتەوە..
له چاوی، ئەو چۆلەکەیەی کە هێلانەکەی جێ دێڵێ ..
له چاوی، تاراوگە کە نەیتوانی هورەمان برووخێنێ..
له چاوی، ئەو نیشتمانەی کە رووبار بە ژێریا دەکشێ..
له چاوی، سەربەستی تا کۆتایی
له چاوی، ئەو جیهانەی کە هی هەمووانە..
له چاوی، ئەو دەسەلاتدارانەی کە لە مۆزەخانەکاندا بە پاسەوان
دایان دەمەزرێنین .
له چاوی، ئەو دارەی کە رەگەکانی قووڵن لە زەمیندا ..
له چاوی، ئەو مانگەی کە گوێ لە سکالای دڵداران دەگرێ
له چاوی، هەتاو لە رۆژێکی سەرماوسۆڵەی تووشـــــی شوباتدا
له چاوی، ئەو ئەستێرانەی کە لە یەکەمین تەقینەوەوە بەهەدەردەچن..
له چاوی، ئەو بەهەشتەی کە لەسەر زەمینە
له چاوی، ئەو دۆزەخەی کە بە چیمەنتۆ دەرگەکەی دادەخەین
له چاوی، ئەو رابردووەی کە یادگارەکانی خۆیمان بۆ دەگێرێتەوە..
له چاوی، ئەو ئێستایەی کە وەکو رووبارێ بەسەر شەقامەکاندا،
هەڵدەقووڵێ..
له چاوی، ئەو ئایندەیەی کە بەبێ پەیژە پیا سەردەکەوین..
له چاوی، ئەم ژیانە کورت و خۆشـــە

ژێدەر: رۆژنامەی "الأتحاد" ژمارە ٣٩٤ی ٢٠٠/١٠/٢٩